بەش: فەلسەفە
کۆلێژ: ئاداب
زانکۆ: سەلاحەدین
بابەت: کۆمەڵناسی مەعریفە
پەرتووکی کۆرس: قۆناغی سێیەم
ناوی مامۆستا: پ.ی. م. هەردی زیاد صالح و م.ی. خطاب عزیز
ساڵی خوێندن: ٢٠٢٢- ٢٠٢٣
کۆرس: کۆرسی دووەم

# پەرتووکی کۆرس Course Book

| | |
|---|---|
| ١. ناوی کۆرس | **کۆمەڵناسی مەعریفە** |
| ٢. مامۆستای بابەت | پ. ی. م. هەردی زیاد صالح & م.ی. خطاب عزیز |
| ٣. بەش/ کۆلێژ | فەلسەفە/ ئاداب |
| ٤. پەیوەندی | Email: **hardi.saleh@su.edu.krg**<br>Mob: **009647830993001**<br>Khattab.sulaiman@su.edu.krd<br>009647504825899 |
| ٥. یەکەکانی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەکدا | تیۆری (٣) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا |
| ٦. ژمارەی کارکردن | ٢ کاتژمێر |
| ٧. کۆدی کۆرس | |
| ٨. پرۆفایلی مامۆستا | ساڵی ٢٠٠٥- ٢٠٠٦ بروانامەی بەکالۆریۆس لە کۆمەڵناسی زانکۆی سەلاحەدین.<br>ساڵی ٢٠١١ بروانامەی ماستەر لە کۆمەڵناسی زانکۆی سەلاحەدین<br>ساڵی ٢٠١١ وەکو مامۆستا لە بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی کۆیە دەست بەکار بووم<br>ساڵی ٢٠١١ وەرگرتنی نازناوی زانستی مامۆستای یاریدەدەر<br>ساڵی ٢٠١٥ وەرگرتنی نازناوی زانستی مامۆستا<br>ساڵی ٢٠١٩ وەرگرتنی نازناوی زانستی پرۆفیسۆری یاریدەدەر<br>تا ئێستا ٦ توێژینەوەی زانستیم لە گۆڤارەکان بڵاوکردۆتەوە |
| ٩. وشە کلیلییەکان | مەعریفە، کۆمەڵناسی مەعریفە، مەعریفەی فەلسەفی مەعریفەی زانستی. |

**١٠- ناوەڕۆکی کۆرس:**

مرۆڤ بە فیترەت حەزی پرسیارکردن و زانینی حەقیقەت هەیە، کە بۆی گرانە بتوانێت لە ناوەندی ژینگەیەک بژیت، بێ ئەوەی شتێکی لەبارەوە بزانێت. لەبەر ئەو هۆکارە و چەندین هۆکاری دیکە بەردەوام پرسیار دەکات و هەوڵی وەڵامدانەوەی دەدات، ئەمەش دەبێت هۆکاری زیادبوونی زانیارییەکانی و، هاوکاری دەکات بۆ تێگەیشتن لەو دیاردانەی لە دەوری دان.

مەعریفە پێناسەس جۆراو جۆری بۆ کراوە، کە ئەمەش لە ئەنجامی ئەو کۆمەڵە پرسیارەوەیە، لە نموونەی:

١- ئایا مەعریفەیە ئەوەیە، کە درکی پێدەکەین و بەر هەستەکانمان دەکەوێت؟ یان ئەو بیروباوەڕانەیە کە لە ئەقڵی مرۆڤ دانراوە و لە کۆمەڵەکان بۆی ماوەتەوە؟

٢- ئایا مەعریفە کردارێکی ئەقڵییە؟ یان بونیادێکی چەمکییە کە مرۆڤ لە زمانێکی تایبەت دروستی کردووە، کە تیایدا مەعریفەکانی دیار دەکات؟

٣- ئایا مەعریفە پێکدێت لە هەستەوەرەکان و هەڵچوونەکانی؟ یان ئەو بۆچوونانە لە بیرۆکە و خاتیرەکان پێکدێت؟

٤- ئایا مەعریفە تاکییە؟ یان کۆمەڵایەتییە و ئامرازێکە بۆ دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵ؟

هەروەها سەبارەت بە کۆمەڵناسی مەعریفە، ئەوا دەکەوێتە ناوەڕاستی مەعریفەی هەستی و مەعریفەی فەلسەفی. کەسێکی ئاسایی زۆر خۆی خەریک ناکات بە پرسیارکردن لە ماهییەتی شتەکان و حەقیقەتەکەی، ئەگەر بشگەڕێت ئەوا بۆ ماوەیەکی کەم خەریک دەبێت بۆ رووبەڕووبوونەوەی کێشەکان، بۆ ئەوەی لێی دەربچێت، لە سیفاتەکانی مەعریفەی هەستی (هەستییە، خوودییە و، رێژەییە)، بەڵام مەعریفەی فەلسەفی، فەیلەسوف خۆی خەریک دەکات لە گەڕان بە دوای راستییەکان و ماهییەتی شتەکان، کۆمەڵێک پرسیار دەخاتەڕوو، وەکو: ئایا مرۆڤ ئازادە؟ ئایا مرۆڤ بەرپرسیارە؟ ئایا چوارچێوە و بەرپرسیارێتییەکەی چییە؟ چۆن شتەکان پێناسە دەکات"دەناسێنێت"؟ بەڵام توێژەر لە کۆمەڵناسی مەعریفە جیاوازە لە کەسی ئاسایی و فەیلەسوف، واتە بەتەنها پشت بە هەستەوەرەکای نابەستێت بۆ زانینی شتەکانی، وەکو فەیلەسوفیش موکڕ نییە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، بەڵکو کار لەگەڵ دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەکات هەروەکو ئەوەی لە واقیعدا هەیە، نەوەکو دەبێت ئاوا بێت، کە فەیلەسووفان دەیخەنەڕوو.

**١١- ئامانجەکانی کۆرس:**

- ئاشناکردنی قوتابیان بە ناسینی مەعریفە و بنەماکانی، جۆرەکانی مەعریفە.

- کاریگەری نسینی جۆرەکانی مەعریفە و ئاشنابوون بەو جۆرە مەعریفەیەی لە کۆمەڵگادا زاڵە.

- ناساندنی قوتابی بە کۆمەڵناسی مەعریفە و قۆناغەکانی گەشەسەندنی.

- ئاشناکردنی قوتابیان بەبۆچوونی فەیلەسوف و زانایان لە بارەی کۆمەڵناسی مەعریفە

**١٢- ئەرکەکانی قوتابی:**

١- پابەندبوون بە ناوەڕۆکی کۆرسەکە و گەڕان بە دوای سەرچاوە و بەشداریکردن لە پۆلدا.

٢- ئامادەکردنی سیمینار بەلایەنی کەم ١ دانە، کە تایبەت بێت بە ناوەڕۆکی کۆرسەکە.

٣- پابەندبوون بەو ئەرکانەی کە داوایان لێدەکرێت، وەکونووسینی پەیپەر و خوێندنەوەی کتێب.

٤- پابەندبوونی قوتانی بە ئامادەبوونی لە وانەکاندا. بۆ ئەوەی باشتر لەوانەکان تێبگات و، سوود لە هەرچی رێنمایی و تێبینی هەیە وەربگرێت.

**١٣- رێگاکانی وانە ووتنەوە**

رێگاکانی وانەووتنەوەی ئەم کۆرسە:

١- رێگەی وانە ووتنەوە (الالقاء)

٢- بەکارهێنانی شێوازی گفتوگۆ، کە پشت دەبەستێت بە گۆڕینەوەی بیروڕاکان.

٣- بەکارهێنانی داتاشۆ و وێنە و دۆکیومێنتاری و فیلمی تایبەت بە ژیانی فەیلەسووفان.

٤- راسپاردنی قوتابی بۆ نووسینی پەیپەر، بەتایبەتی لە کاتی تەواو بوونی هەر بابەتێک.

**١٤- سستەمەی هەڵسەنگاندن**

لەسەر خوێندکار پێویستە (٢) تاقیکردنەوە ئەنجام بدات لە ماوەی کۆرسی خوێندن، هەروەها لەگەڵ ئامادەبوون، بەشداری رۆژانە و پێشکەشکردنی راپۆرت لەم ساڵەدا:

- تاقیکردنەوەی **یەکەم**: ١٥ نمرە

- تاقیکردنەوەی **دووەم**: ١٥ نمرە

- **چالاکی و ئامادەبوون**: ١٠ نمرە

تاقیکردنەوەی **کۆتایی ساڵ**: ٦٠ نمرە

**١٥- دەرئەنجامەکانی فێربوون**

لە رێگەی ئەم کۆرسەوە قوتابی ئاشنا دەبێت، بە بیرو راو بۆچوونی فەیلەسووفان ناسینی مەعریفە و جۆرەکانی. هەروەها ئاشنا بوون بە قۆناغەکانی سەرهەڵدان و گەشەسەندی کۆمەڵناسی مەعریفە.

**١٦- لیستی سەرچاوەکان**


- نهله ابراهيم(٢٠٠٧)علم الاجتماع المعرفه بين العلم والايديولوجيا، الرواد للكمبيوتر والتوزيع،الاسكندريه -مصر
- بسام محمد أبو عليان(٢٠١٥)، محاضرات في علم اجتماع المعرفة، جامعة الاقصى- قسم علم الاجتماع.
- د. السيد عبدالعاطى السيد، د. محمد احمد بيومي(٢٠٠٦)، علم اجتماع المعرفة، مصر، دار المعرفة الجامعية.
- د. طه نجم(٢٠٠٩)، علم اجتماع المعرفة، مصر، دار المعرفة الجامعية.
- على الوردي(٢٠١٨)، في علم اجتماع المعرفة، ت: د.لاهاي عبدالحسين، دار المدى، بغداد.
- مجموعة من الباحثين(٢٠١١)، سوسيولوجيا المعرفة، مركز الغدير للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت.
- ميشيل فوكو(٢٠٠٨)، جنيالوجيا المعرفة، ت: أحمد السطاتي و عبدالسلام بنعبد العالي، ط٢، دار توبقال للنشر، المغرب.
- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد(٢٠٠٩)، سەرەتایەک لە بارەی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.


**١٧- بابەتەکان**

**هەفتەی یەکەم: ناساندن و شیکردنەوەی ناوەڕۆکی کۆرسەکە.**

**هەفتەی دووەم: مەعریفە و پێناسە و تایبەتمەندییەکانی و چەمکە پەیوەندارەکان (کولتور ، زانست ، زانیاری)**

**هەفتەی سێیەم: جۆرەکانی مەعریفە.**

**هەفتەی چوارەم: مەعریفەی هەستی.**

**هەفتەی پێنجەم: مەعریفەی فەلسەفی و ئاینی و زانستی**

**هەفتەی شەشەم: ئاڕاستە فەلسەفییەکانی مەعریفە.**

**هەفتەی هەفتەم: سەرچاوەکانی مەعریفە.**

**هەفتەی هەشتەم: مەعریفەی زانستی.**

**هەفتەی نۆیەم: تاقیکردنەوەی یەکەم.**

**هەفتەی دەیەم: کۆمەڵناسی مەعریفە و پێناسەکانی.**

**هەفتەی یازدەیەم: سەرچاوەکانی مەعریفەی کۆمەڵایەتی**

**هەفتەی دوازدەیەم: ئیبن خەلدون و کۆمەڵناسی مەعریفە.**

**هەفتەی سێزدەیەم: ماکس شیللەر و کۆمەڵناسی مەعریفە.**

**هەفتەی چواردەیەم: کارل منهایم و کۆمەڵناسی مەعریفە.**

**هەفتەی پازدەیەم: کارل منهایم و کۆمەڵناسی مەعریفە.**

**هەفتەی شازدەیەم: پێداچوونەوە.**

**١٨- تاقیکردنەوەکان**

**هەوڵدەدرێت سوود لە هەموو جۆرەکای دانانی پرسیار ببینرێت، کە بۆ بابەتی فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست گونجاوە، وەکو شێوەی داڕشتن و راست و چەوت و هەڵبژاردن... تاد. چونکە بۆ ئەوەی پرسیارەکان گشتگیر بێت و بتوانرێت لە هەموو ئەو بابەتانەی لەم کۆرسەدا خوێندراون بهێندرێتەوە و ئاست و تواناکانی قوتابیش هەڵبسەنگێنێت.**

**نموونە:**

**- پێناسەی مەعریفە بکە؟ لە دواییدا باس لە تایبەتمەندیەکانی مەعریفەی فەلسەفی بکە؟**

**- باس لە تێڕوانینی ماکس شیللەر بکە لەبارەی کۆمەڵناسی مەعریفە؟**

**-سەرچاوەکانی مەعریفە لە نێوان کۆمەلناسی و فەلسەفە روون بکەرەوە**

**-سەرچاوەکانی مەعریفە چین ؟بیانژمێرە و باسیان بکە.**

**-چەمکەکانی زانست و کولتور و زانیاری و پەیوەندییان بە مەعریفەوە**

**١٩- تێبینی تر**

لێرە مامۆستای وانەبێژ دەتوانێت تێبین وکۆمەنتی خۆی بنوسێت بۆ دەوڵەمەندکردنی پەرتووکەکەی.

**٢٠- پێداچوونەوەی هاوەڵ**

ئەم کۆرسبووکە دەبێت لەلایەن هاوەڵێکی ئەکادیمیەوە سەیر بکرێت و ناوەڕۆکی بابەتەکانی کۆرسەکە پەسەند بکات و چەند ووشەیەک بنووسێت لەسەر شیاوی ناوەڕۆکی کۆرسەکە و واژووی لەسەر بکات.

هاوەڵ ئەو کەسەیە کە زانیاری هەبێت لەسەر کۆرسەکە و دەبیت پلەی زانستی لە مامۆستا کەمتر نەبێت.